www.kurdistannet.org
18:27 14-9-2007بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ماموٚستای مزگەوتەکان داوا لەخێرخوازانی کوردستان دەکەن لەجیاتی مزگەوت، نەخوٚشخانە و قوتابخانە دروست بکەن ... مەریوان نەقشبەندی *

هەرێمی کوردستان ئێستا نزیکەی (4000) مزگەوتی تێدایە کە ژمارەیەکی زوٚریان لەلایەن خێرخوازانەوە دروستکراون، بەڵام لەبەرئەوەی بەشێك لەمزگەوتەکان بەبی بەرنامە و بەبی رەچاوکردنی شوێن و قەرەباڵغی و لایەنی ئەندازیاری دروستکراون و هەندێکیشیان بەمەبەستی خوٚدەرخستن و بازرگانی پێوەکردن لەلایەن دەوڵەمەند و خاوەن سەرمایەکانەوە دروست کراون، بوٚیە هەندێك ناوچەی کوردستان هێشتا کێشەی نەبوونی مزگەوتیان هەیە، جالەکاتێکدا داواکاری بوٚ دروستکردنی مزگەوت لەکوردستاندا بەردەوامە و هەندێك لەخێرخواز و دەوڵەمەندەکان نایانەوێت لایەنی شەرعی و پێویستی ناوچەکانی کوردستان بەدروستکردنی ئەو مزگەوتانە رەچاو بکەن و نەخوٚشی و خراپ بونی باری تەندروستی و لاوازبوونی ئاستی پەروەردەیی و کەمی بنکەی تەندروستی و نەخوٚشخانە و قوتابخانە و کارگەی بەرهەمهێنان و پروٚژەی بەسوود لەکوردستان، بەرێوەبەرایەتی پلاندانان لەوەزارەتی ئەوقاف داوای لەخێرخواز و دەوڵەمەندەکان کردوە بوٚ رێکخستنەوەوە و دابەشکردنی عادیلانەی کارمەند و خزمەتگوزارانی مزگەوتەکان لەلایەن وەزارەتەوە، بەشێوەیەکی کاتی داواکاری دروستکردنی مزگەوت راگرن و لەبوارەکانی تردا خزمەت بەمیللەتی موسڵمان و هەژارانی کوردستان بکەن، بوٚ پشتگیریکردنی ئەم هەنگاوەش ماموٚستای مزگەوتەکانی کوردستان لەوتاری هەینی روٚژی (2007/9/14) دا ئاماژەیان بەوە کرد کە دروستکردنی نەخوٚشخانەیەك یان قوتابخانەیەك یان پروٚژەیەکی خزمەتگوزاری و بەرهەمهێن رەنگە لەدروستکردنی مزگەوت خێری زیاتر بێت، ماموٚستا مەلا ئەنەس (ئیمام و خەتیبی) مزگەوتی گەورەی زاخوٚ و ماموٚستا عەبدولواحید محەمەد لە قەزای شێخان و ماموٚستا مەلا تاریق ئیمام و خەتیبی مزگەوتی کفری و ماموٚستا مەلاعەبدوڵلا لەمزگەوتی خورماڵ و ماموٚستا مەلا عەبدوڵا مەلا سەعید سەروٚکی لقی سوٚرانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی و ئیمام و خەتیبی مزگەوتی گەورەی دیانا و ماموٚستا نەجمەدین حسێن لەچەمچەماڵ و ماموٚستا مەلا عوزێر لەگەرەکی زەرگەتەی شاری سلێمانی و ماموٚستا مەحمود نورەدین لەهەولێر و چەندین ماموٚستای دیکەی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، هەریەکەیان بەشێکی وتارەکەیان بوٚ ئەم پرسە تەرخان کرد و هەرەشەی کەمیی نەخوٚشخانە و قوتابخانەیان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی کورد و ئارامی و سەقامگیری هەرێمی کوردستان وەبیر هێنایەوە و داوایان لەخێرخواز و دەوڵەمەند و سەرمایەدارەکان کرد لەم بارودوٚخەدا لەجیاتی داواکاری دروستکردنی مزگەوت داوای دروستکردنی نەخوٚشخانەو قوتابخانە بکەن، هەریەکە لەو ماموٚستایانە بەراوردێکیان لەنێوان ژمارەی مزگەوت و نەخوٚشخانە و قوتابخانە لەکوردستاندا کرد و بەئایەتەکانی قورئانی پیروٚز و فەرمودەکانی پێغەمبەر (د. خ) بوٚ ئامادەبوانی نوێژی هەینیان دوپات کردەوە کە لەوڵاتێکی وەك کوردستاندا دروستکردنی نەخوٚشخانە و قوتابخانە یان هەر پروٚژەیەکی خزمەتگوزاری، ئەگەر خێری لەدروستکردنی مزگەوت زیاتر نەبێت ئەوا کەمتر نیە،

ئەم داواکاریەی ماموٚستای مزگەوتەکانی کوردستان و بەرێوەبەرایەتی پلاندانان لەوەزارەتی ئەوقاف هاوکاتە لەگەڵ راپوٚرتێکی رێکخراوی تەندروستی جیهان کرد کە رایگەیاندوە (16000) حاڵەتی توشبون بەنەخوٚشی کوٚلێرا لەم شەش هەفتەی رابردوەدا لەهەرێمی کوردستان توٚمار کراوە.

*بەرێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبوٚچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.